بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

128

10 ی ئازار/ مارسی 2026



## کۆتایی خامنەیی و ئایندەی ئێران و ناوچەکە!

عوسمانی حاجی مارف


بۆ لاپەڕە ٣



## جەنگی بێکۆتایی؛ ئاشوبی سەرمایەو هەڕاجکردنی هێزی کار!

محمود ئەحمەد(حەلاق)

بۆ لاپەڕە ٥



## شەڕی سێهەمی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست!

موحسین کەریم

شەڕی ئەمریکاو ئیسرائیل دژی ئێران، وەکو پێشبینی کرا، سەرجەم ناوچەکەی خستە ناو کورەی ئاگرێکی ترسناکەوە. ئێستا ئیتر شەڕەکە هەر بە مووشەکبارانکردنی شارەکانی ئیسرائیل و ئێرانەوە نەوەستاوە، بەڵکو چەندین شاری دیکەی وولاتانی ناوچەکەی گرتۆتەوە، بەهۆی بوونی بنکەی سەربازی ئەمریکا لەو وولاتانەدا کە بوونەتە ئامانجی سەربازی ئێران. ئاستی دڕندەیی ئەمجارەی شەڕەکە بەجۆرێکە کە سەرباری نائارامکردنی ژیانی خەڵک، گرانی ، تێکچوونی بارودۆخی ئابوری و گوزەرانی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش لەناوچەکەو بگرە لەسەر ئاستی جیهانیشدا بەهۆی گرانبوونی نرخی ووزەو گواستنەوەی کاڵاکانەوە، سەدان هاوڵاتی مەدەنی کردۆتە قوربانی، هەردوولا پێشبڕکێی وێرانکردنی شارەکان و کوشتنی زۆرترین کەس دەکەن بەمەبەستی تەسلیمکردنی یەکتری!

ئەمریکاو ئیسرائیل، دەیانەوێ دوا شەڕی خۆیان لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێراندا بکەن و بیکەنە دەوڵەتێکی دەستەمۆ کە باڵادەستیی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قبوڵ بکات و لەناو ڕیزبەندی جەمسەرە جیهانیەکانی سەرمایەداری- ئیمپریالیستیدا، بەرەو جەمسەری ئەمریکاو و ڕۆژاوا بڕوات، ئەوەندەی بکرێ لە جەمسەری چین بەپلەی سەرەکی و ڕوسیا بەپلەی دووەم دووربکەوێتەوە. بەڵام ڕژێمی ئێران، کە دەسەڵاتە سیاسی و سیستەمە ئایدیۆلۆژیەکەی لەسەر بنەمای دژایەتی "شەیتانی گەورەو ڕژێمی زایۆنیستی" بنیات ناوە، بە ئاسانی ناتوانێ ئەو وەرچەرخانە قبوڵ بکات. بنکەی

بۆ لاپەڕە ٢

* هێزکۆکردنەوە و هەڕەشەکانی ئەمریکا دژی ئێران، تەواوی ناوچەکە ڕووبەڕووی جەنگێکی وێرانکەر دەکاتەوە!
* سەبارەت بە کوشتنی خامنەیی لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە!
دوو بەیاننامەی حزب سەبارەت بە شەڕ لە ئێران...لاپەڕە ٦-٨

لایەنێکی تر لە شەڕی ئەمریکا و ئێران، ڕۆڵی ڕوسیا و چین لەم شەڕەدا!
عوسمانی حاجی مارف ... بۆ لاپەڕە ٨

وەهمی دەرفەتی مێژوویی لە جەنگی زلهێزەکاندا: ماڵوێرانی یان ئازادی مرۆڤ؟
توانا محەممەد نوری....بۆ لاپەڕە ١٠

* خۆپیشاندانی جیهانی دژی شەڕی ئەمریکا-ئیسرائیل لەگەڵ ئێران....بۆ لاپەڕە ١١
* بەیاننامە دەربارەی تیرۆری (یەنار محەممەد)...بۆ لاپەڕە ١٢

ڕیپۆرتاجێك لەسەر چالاکیەکانی ٨ی مارس!
بۆ لاپەڕە ١٣

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی........ شەڕی سێهەمی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست!

جەماوەری لایەنگرانی رژێمی ئیسلامی چ لەناوخۆی ئێراندا و چ لەئاستی هێزو لایەنە شیعەکانی سەر بە ئێران لە ناوچەکەدا، لەسەر ئەوە ڕاوەستاوە کە گوایە دژی ئەمریکاو ئیسرائیلەو بەرگری لە دۆزی فەلەستین دەکات! لەبەرئەوە ئەم شەڕە بۆ جمهوری ئیسلامی شەڕی سەرومالّیە، شەڕی مانەوەیە!

بێگومان، لەلایەکی دیکەوە، جەمسەری چین- ڕوسیاش بەرژەوەندیان لە کەوتن و تەسلیمبوونی ئێراندا نیە بەوجۆرەی ئەمریکا و ئیسرائیل دەیانەوێ. بۆ ڕوسیا سەختە ئۆکرانیایەکی دیکە لە ئێراندا قوت بێتەوە. بەهەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات ئێران بەتەواوی نەکەوێتە ناو ئەڵقەی بەرژەوەندی ئەمریکاوە. بەنیسبەت چینەوە، سەرباری بەرژەوەندیە ئابوریەکانی لە بواری وەبەرهێنان لە ئێراندا و پێگەی لە پرۆژەی "رێگای ئاوریشم"دا ، مەسەلەی نەوت و گازی ئێران جێگایەکی یەجگار پڕبایەخیان هەیە بۆی. بۆیە کەوتنی ئێران بۆ ژێردەستی ئەمریکا، بێجگە لەوەی زەربەیەکی گەورە لە پرۆژە ئابوریەکانی چین لە ئێراندا دەدات، هاوکات کۆنترۆڵکردنی نەوت و سەرچاوەی ووزی ئێرانییش، دوای کۆنترۆڵکردنی بەرهەمهێنانی نەوتی فەنزەویلا، لەلایەن ئەمریکاوە دەتوانێ زەربەیەکی گەورە لە ئابوری و پیشەسازی چین بدات کە وەکو دوژمنی ژمارە یەکی خۆی تەماشای دەکات!

بەڵام تەسلیمکردنی ئێران و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن ئەمریکاوە کارێکی ئاسان نیە. سەرەڕای توانای سەربازی ئێران و هاوکاریەکانی چین و روسیا بۆی کە بەپێی هەندێ سەرچاوەی میدیایی رۆژواش زەربەی گەورەی لە توانا سەربازیەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل وەشاندوە، تەسلیمکردنی پێویستی بە هێرشی زەمینی ئەمریکاو ئیسرائیل هەیە. بۆ ئەو کارەش دەبێ ئەمریکا سەدان هەزار سەرباز رەوانەی بەرەی جەنگ لەگەڵ ئێراندا بکات، کە دەکرێ ببێتە زەلکاوێک بۆی و دەرچوون لێی بە نرخێکی گران بۆی تەواوبێت، بەتایبەتی کە ئەمریکا دوو ئەزمونی شکستی لە عێراق و ئەفانغستان هەیە! بۆیە تەنانەت لەناو دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکاشدا ئەو نیگەرانیە دەبینرێت کە هێرشی زەمینی بەتەڵەیەک دەزانن و نابێت بکەونە ناوی!

ترامپ ترسی لە درێژبونەوەی جەنگەکە هەیە و لەوەش دڵنیایە کە بەبێ هێزی زەمینی ناتوانێ کۆتایی بە جمهوری ئیسلامی بهێنێت. بۆ ئەو مەبەستە دەستی بۆ تاکتیکی لاواز برد ئەویش پەنابردن بوو بۆ مەسعود بارزانی و بافل تاڵەبانی و پارتە ناسیۆنالیستە چەکدارە کوردەکانی ئێران تا لەکوردستانی عێراقەوە هێرش بکەنە سەر ئێران و لەولاشەوە گروپە چەکدارەکانی دیکەی ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی پەلاماری شارەکانی ئێران بدەن، بە ئامانجی دروستکردنی پشێوی و سەرقاڵکردنی جمهوری ئیسلامی بە دۆخی ناوخۆوە. بەڵام ئەم تاکتیکەش شکستی هێنا، چونکە یەکێتی و پارتی ملیان پێنەدا! ئەویش بە دوو هۆکار: یەکەم؛ لەژێر هەڕەشەکانی ئێراندا کە بەکردەوەش رۆژانە لەرێگای مووشەک و درۆنەوە بۆسەر هەولێر و سلێمانی هۆشداری بەردەوامیان پێدەدات، دووەم؛ بێمتمنایەیی بە ئەمریکا کە زۆر دەمێکە نیە دوای نزیکەی ١١ ساڵ هاوپەیمانی لەگەڵ هەسەدەدا جێی هێشتن بۆ بەردەم کەڵبەی چەکدارە دڕندەکانی شەرع!

ئێستا ئەگەرچی ملهوڕی ئەمریکاو ئیسرائیل، ناوچەکەیان لەسەر کوانوی ئاگرێکی سوتێنەر داناوە، بەڵام هیچ ئاسۆیەکیشیان نیە بۆ چۆنیەتی کۆتاییهێنانی لە بەرژەوەندی خۆیان. بەڵام سەرەنجام درێژەکێشانی شەڕەکە تەنها کاولکاری و نائارامی و کوشتاری زیاتری خەڵکی ناوچەکە و هەروەها گرانی و تێکچوونی دۆخی ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لەئاستی ناوچەکە و دنیادا بەدوای خۆیدا دەهێنێ. بۆیە ئەرکی کۆتاییهێنان بەم جەنگە وێرانکەرە لە ئەستۆی چینی کرێکار و مرۆڤایەتی ئازادیخوازی ناوچەکەو جیهانە کە هەر ئێستا سەرەتای بزوتنەوەیەکی لەوجۆرە دەبینرێت. خەڵکی کوردستان هیچ بەرژەوەندیەکیان لەم شەڕو پیلانگێڕیەی ئەمریکاو ئیسرائیلدا نیەو نابێ بەهیچ شێوەیەک رێگابدەن کوردستان بکرێتە مەیدانی جەنگ و دەبێ بەشێک بن لەو بزوتنەوە جیهانیەی دژی جەنگ بەڕێکەوتوە. روخاندنی رژێمی ئیسلامی لەرێگای شەڕی ئەمریکاو ئیسرائیل و کاولکردنی شارەکان و کوشتاری خەڵکەوە نایەتەدی، بەڵکو بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ڕاپەڕینی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ژنان و لاوانی ئێران کۆتایی بە تەمەنی ئەو رژێمە دەهێنێ. ئەو بزوتنەوەیە دەمێکەیە بەڕێکەوتوە، بەڵام فەزای جەنگ و جەنگ بەزیانی ئەو بزوتنەوەیە دەشکێتەوە.

★

ئۆکتۆبەر بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێڵ: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=1
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

# کۆتایی خامنەیی و ئایندەی ئێران و ناوچەکە!

عوسمانی حاجی مارف

ئەو کەسەی کە بۆ ماوەی ٣٦ ساڵ حوکمرانی کۆماری ئیسلامی کردبوو، دوای کوژرانی لەرێگەی بۆردومانەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە، تیشکی دوبەرەکیەکی قوڵی لە ئێراندا نیشاندا، بەرەیەک شین و ماتەمینیان بۆ کۆتایی خامنەیی گێڕا، بەرەیەکی تر بە شایی و ئاهەنگ پێشوازیان لە مەرگی کرد!.

کاتێک لە ڕۆژی شەممە ٢٨/٢ کوشتنی خامنەیی ڕاگەیەندرا، گرتە ڤیدیۆییەکان لە تارانەوە قەرەباڵغیەکیان دەخستە سەر شاشەی تەلەفیزیۆنەکانیان کە لە گۆڕەپانێکدا بەشێکی زۆریان بە جلوبەرگی ڕەشەوە دەگریان، بەڵام لە ڤیدیۆی سۆشیال میدیادا ئەوە بڵاوکرایەوە کە کەسانی دیکە بە دڵخۆشی و ڕاوەشاندنی سەرپۆشەکانیان دەردەکەوتن.

دەسەڵاتی خامنەیی بەدرێژایی دەیان ساڵ ڕووبەڕووی شەپۆلی نائارامی بۆتەوە، لەوانە نارەزایەتیەکانی خوێندکاران لە ساڵانی ١٩٩٩ و ٢٠٠٢، لە ساڵی ٢٠٠٩ و نارەزایەتیەکانی "ژن، ژیان، ئازادی" ساڵی ٢٠٢٢ کە دوای مردنی مەهسا ئەمینی لە دەستبەسەربونی لە بنکەیەکی پۆلیسدا سەریهەڵدا.

خامنەیی کە دەیان ساڵە ڕۆژانە و هەمو ساتێک وەک نمونەی گەورەترین زاڵم لە دنیادا، ژیانی خەڵکی ئێرانی بە بارمتە گرتبوو، ئەم کوشتنەی ڕێگەی نەدا وەک تاوانبارێکی دژی ئینسانی لەلایەن خەڵکەوە دادگایی بکرێت،

هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان و گۆڕینی هاوسەنگی هێز نیشانەی موشەکەکانیان ڕوو لە خامنەیی کرد، بەڵام بەجیا لە دوو بەرەی ماتەمینی و بەرەی ئاهەنگ گێران، کوشتنەکەی بەم شێوەیە گێژاوێکی جیۆپۆلەتیکیشی دروست کرد، کە بە خێرایی لە بازاڕەکاندا ڕەنگدانەوەکەی دەرکەوت. لەهەمانکاتدا شەڕەکەی لەناوچەکەدا بەرەو فروانی برد، تاران بە بۆردومانکردنی شارەکانی کەنداو تۆڵەی کردەوە، هاوکات هێڵە ئاسمانیەکان گەشتەکانیان ڕاگرت و کەشتیە نەوتهەڵگرەکان ترانزێتیان لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە ڕاگیرا، کە یەکێکە لە ڕێڕەوە ئاویە گرنگەکانی گواستنەوەی وزە لە جیهاندا، کەشوهەوایەکی تەواو جەنگی مەترسیدار سایەی بەسەر ناوچەکەدا کێشاو کۆتاییەکەی نادیارە!.

وەزارەتی دەرەوەی روسیا هۆشداریدا لەوەی داخستنی گەرووی هورمز بەڕووی کەشتیوانیدا، ڕەنگە ببێتە هۆی پەککەوتنی بەرفراوان بۆ بازاڕەکانی نەوت و غازی جیهانی، لەکاتێکدا گرژیە سەربازیەکان لە ناوچەکە بەرەو هەڵکشانی زیاترە، خەریکە گواستنەوەی کەشتیوانی لەرێگەی یەکێک لە چارەنوسسازترین ڕێڕەوی ئاوی و وزەی جیهانەوە پەک دەخرێت و دۆخی ئابوری ناوچەکە دەرگیر بە قەیرانێکی سەخت دەکات، کە جگە لەوەی ئەم شەڕە دۆخێکی تەواو نالەبار و تراژیدی بۆ خەڵکی ناوچەکە خولقاندووە، لە هەمانکاتدا قەیرانی ئابوریش کاریگەری مەترسیدار لەسەر بژێوی خەڵکی ناوچەکە زیاد دەکات.

نزیکەی یەک لەسەر پێنجی دابینکردنی نەوتی جیهان بەو گەرووەدا تێدەپەڕێت، کە هەناردەکردنی گەورە لە سعودیە، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، عێراق، کوەیت و قەتەرەوە دەگرێتەوە، ئەمە جگە لە ناردنی غازی سروشتی شل. هەر جۆرە پچڕانێکی ترانزێت فشارێکی بەرچاو دەخاتە سەر بازاڕە نێودەوڵەتیەکان.

لەلایەکی ترەوە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی تاران هاوبەشێکی سەرەکیە بۆ مۆسکۆ لە پرسە ناوچەییەکاندا، بەڵام نەبوونی وەڵامێکی بەهێزی رووسیا لەبەرامبەر سیاسەتەکانی ئەمریکا، ئاماژەیە بەوەی کە خواستی کریملن، دوورکەوتنەوەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر واشنتۆن و ئەم شەڕەی بەرامبەر بە ئێران. روسیا ئەوە باش درک دەکات کە دەخالەتی ڕاستەوخۆ لەم شەڕەدا بە قازانجی نابێت.

مەترسیی سەرەتایی لە نادڵنیایی ئایندەی حوکمرانی لە ئێراندا لەوەی چی بەسەر دێت و چی ڕوودەدات و چۆن مانەوەی ناوەندبونی ئێران دەپارێزرێت.؟

مەسەلەیەکی واقعیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵۆزی پێکهاتەی سیستمی سیاسی، دەسەڵاتی سوپای پاسدارانی ئێران و سروشتی بنکە ئایدیۆلۆژیەکەی، هەرچەندە تائێستا خۆی ڕاگرتووە، بەڵام ڕێڕەوی سیاسی و ئابووریەکەی قورس بوە و ئیمکاناتی سەربازی دابەزیوە، پێشبینی دەکرێت ئێران بەرەو ئەگەری پارچە پارچە بوون ببات.

کۆماری ئیسلامی وەک گۆشەگیرترین وڵاتی جیهان هاتە ناو ئەم شەڕەوە، هیچ هاوپەیمانێکی نەبوو کە ڕاستەوخۆ پشتیوانی بکات و هاوپەیمانی بێت. پاشان سەرکردەکانی بە هێرشکردنە سەر وڵاتانی ناوچەکە دۆخەکەیان خراپتر کردو ئەو حکومەتانەی بێلایەنیان هەڵبژاردبوو، کردە نەیارێک کە خۆیان لە دژی ئێران ڕێکخست.

ئەگەری زیادبونی مەترسیەکان لە سەر تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەست پێدەکرێت، کە ڕەنگە بازاڕەکان بە پشتبەستن بە گریمانەی "شۆکی ڕژێم" لە ئێران نرخی سەروەت و سامانەکان دووبارە دابڕێژنەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو دۆخێکی سیاسی ناجێگیر و ئاڵۆزتر بەرێت، ئەگەر ئێران ئامادەیی بۆ دانوستان نیشان نەدات، دواتر بە ئەگەری دارمانی ئێران ئەم شەڕە کۆتایی بێت.

تیرۆرکردنی خامنەیی، نوێنەرایەتی بوومەلەرزەیەکی سیاسی بێوێنە دەکات، کە دەتوانێ ئێران بخاتە قۆناغێکی تر لە دارشتنەوەی پێکهاتەی هاوسەنگی دەسەڵاتی سیاسیەوە و دووبارە حیسابکردنەوەی دەورو ئەولەویەتی هێزە ناوچەییەکانەوە، بۆیە دارمانی ئێران حەتمی نییە، بەڵام چیتر لە پرسیارێکی نارۆشن دەرناچێت و ئایندەیەکی نارۆشن و دۆخێکی پێچیدە بە ئێران و ناوچەکە دەبەخشێت.

لەم چوارچێوەیەدا ئەو گریمانەیە دێتە ئاراوە کە شەڕی بەردەوام لە لۆژیکی ڕێگری سەربازی تێدەپەڕێت و لە ئامانجێکی ستراتیژی فراوانتر نزیک دەبێتەوە، ئەویش لاوازکردنی ڕژێم و ڕەنگە تەنانەت ڕووخاندنی ڕژێمیشی لێکەوێتەوە.

ئەمڕۆ لەم شەڕەدا تەنها زنجیرەیەک لێدان نییە، بەڵکو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئاشکرایە کە تا دێت شەڕەکە فراوانتر دەبێت، لەگەڵ هەر پچڕانێکی ئاستی هاوسەنگی هێز لە کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەو پرسیارە چارەنووسسازە دەمێنێتەوە، کە ئایا دامودەزگاکانی ڕژێم دەتوانن یەکگرتوبن و بەردەوام بن، یان هەڵوەشاندنەوەیان دەست پێدەکات؟

ململانێی فراکسیۆنەکانی ناو سوپای پاسداران و ڕەوتە ئاینیەکان لەسەر فۆرم و دەسەڵاتەکانی سەرکردایەتی داهاتوو، دەرئەنجامەکەی ناسەقامگیری سیاسی و ئەمنی سنووردارە، کە دەتوانێت بۆ ماوەیەکی کاتی نفوزی ناوچەیی لاواز بکات بەبێ دارمانی دەوڵەت، لەو کاتەدا ئەگەری ئەوە هەیە ئارایشێکی تر لەناو هەمان ڕژێمدا ڕێکخەنەوە، چونکە هیچ ئەلتەرنەتیفێک لەدەرەوی دەسەڵاتی ئێستا، ناتوانێت سەقامگیری لە ئێراندا ڕاگرێت.

بەکورتی، لە هەموو حاڵەتێکدا ئێران دەگۆڕێت و ئێرانی سەردەمی خومەینی و خامنەیی نامێنێت، کە هەر لەئێستاوە چووەتە قۆناغێکی نوێوە، پرسیاری پێناسەکەری ئەو قۆناغە ئەوەیە، کێ شوێنی ڕێبەرایەتی دەگرێتەوە؟ داینامیکی چ هێزێک زاڵ دەبێت؟ ڕووخانی ڕژێم ئەگەرێکە، بەتایبەتی لەدرێژ ماوەدا و لە لەهەمانکاتدا لەڕووی تیۆری و واقعیەوە مانەوەشی مانای نابێت، ئەمەش ئەو دۆخە ئاڵۆزەیە ئایندەی ئێرانی بە لێڵی ڕاگرتووە.

شایانی باسە قۆناغی داهاتوو لە هەوڵی ئەمریکادا گەر بۆی سەربگرێت، چارەنوسی ئێران لە چوارچێوەی بازنەکانی پێکهاتەی ڕژێم و دەسەڵاتی ئێستادا یەکلایی دەکاتەوە، واتە پێش هەر دەور و دەخالەتێکی خەڵکی و ناوخۆیی، ئەمریکا دەسەڵاتێکی ملکەچی خۆی لە پێکهاتەی سوپای پاسداران دادەمەزرێنێت. بەڵام پێموایە گەر هەر هۆکار و درزێکی قووڵی ناوخۆیی لە ئێراندا بە ئاراستەی گۆڕانی ڕژێم و لە دەسەڵاتدا ڕوویدات، واقعیەتی کاریگەری دۆخی شێواو ئاژاوە و ناجێگیری ئێران دەتوانێت نەخشەی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکێشێتە دۆخێکی ترەوە و شکستی سیاسی ئەمریکا بسەلمێنێت.

خامنەیی ڕۆیی و بە کۆتایی ژیان گەیشت، بەڵام سەدان تاوانبار و دوژمنی ئازادی و یەکسانی و ئینساندۆستی کە نەخشە داڕێژی شەڕی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێرانن، یان دەوریان لەم شەڕەدا هەیە و سودمەند دەبن لەم شەڕە، جارێکی ترو لە چوارچێوەو شێوازیکی تردا زوڵم و ستەم و یاری بە ژیانی خەڵک زیاتر بەرجەستە دەکەنەوە.

خۆشحاڵی خەڵک لە ئێران بە کوشتنی خامنەیی و سەرکردەکانی دیکەی ڕژێم، مافی کاردانەوەی خواستی چەندین ساڵەیانە و لە شوێنی خۆیدایە، بەڵام ئەم کوشتنە کە لەلایەن تورێک لە چەتە و ئینسانکوژ و تاوانبارانی جەنگەوە ئەنجامدراوە، نابێتە سەرکەوتن بۆ خەڵکی ئێران، نابێتە دیاریکردنی ئایندەیەک بۆ بەدیهێنانی خواست و ئارەزوەکانی خەڵک بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی، تاوانەکانی بکوژانی خەڵکی ئەفغانستان، عێراق، سوریا، فەلەستینن و ئێران کە هاوتای دەسەڵاتدارانی تاوانبارانن لە ئێران، ئێستا پاڵەوانی ئەم شەڕە وێرانکەرەن و بێئیرادەکردنی خەڵک توندتر دەکەنەوە.

ئەوەی ترامپ و ناتانیاهو ئەو گروپانەی کە داوا لە خەڵک دەکەن، لەژێر بۆردومانی بێوەستاندا بڕژێنە سەر شەقامەکان، بە ئاشکرا هاوئاهەنگی خۆیان بۆ دوژمنایەتی و نابەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە ژیان و ئەمنیەتی خەڵک دەسەلمێنن، خەڵکی دەکەنە قوربانی و سوتەمەنی بۆ ئامانجەکانیان.

ئەم شەڕە جگە لە دەرئەنجامە وێرانکەرەکانی و ئەو زەبر و زەنگە قورسە مرۆییانەی کە بەسەر خەڵکی ئێران و ناوچەکەدا دەسەپێنرێت، لەبەردەوامیدا، هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخاتە قۆناغێکی خوێناوی پرکارەساتەوە، خەڵکی ئێران لە خەباتی ئازادیخوازانەی خۆیان لە دژی کۆماری ئیسلامی لە خراپترین بارودۆخی مومکین دادەنێن.

پێویستە لە سەرانسەری جیهان لە دژی ئەم شەڕە وێرانکەرە و بۆ کۆتاییهێنانی ڕاوەستین.

★

# جەنگی بێکۆتایی؛ ئاشوبی سەرمایەو هەڕاجکردنی هێزی کار!

## محمود ئەحمەد(حەلاق)

سەرەڕای ئەوەی کەبێکاری تەنگی بەبێکاران هەڵچنیوەو کرێکارانی لەسەرکاریشی کردووە بەکۆیلەی کار لەئەنجامی ترسی بێکاریدا، شەبەحی جەنگی ئامریکاش لەناوچەکەدا کە بەوێرانکاری لەغەززەوە دەستپێکرد لەڕێگای ئیسرائیلەوە بەناوی ئەمنی ئیقلیمیەوە بۆسازدانەوەی بازاڕسازی سەرمایەی خۆیان لە دادۆشین و بەتاڵانبردنی ئابوری ناوچەکە لەسەر حسابی چینی کرێکار، هێندەی تر بارگرانی قورس و ناهەمواری هێناوەتە پێشەوە.

ئەم جەنگە، تەنها کێشەیەکی سەربازی و پاساوی چەکی ئەتۆمی ئێران و تیرۆریزم نیە، جەنگێکی ڕەق وسەربازی نیە، بەڵکو میکانیزێکی داڕێژراوە بۆ بەکۆیلەکردنی هێزیکار لەناوچەکەدا. کاتێک ژێرخانی ئابوری وڵاتێک دەکرێتە ئامانج، ئیتر کرێکار لەجێگاوڕێگای داواو خواستەوە دەگوێردرێت بۆ جێگاوڕێگای لەناچاریدا مانەوە. ئەم جەنگە ستراتیژییەکی لەپێشدا داڕێژراوی سەرمایەداری جیهانییە بەرابەرایەتی ئامریکا بۆ ئارامکردنەوەی بازاڕو لەخوارەوە ڕاگرتنی هەتا سەرئێسقان هێزیکاری بەتاڵانبراوی کرێکاران و وێرانکردنی فەزای ئازادیخوازی لەناوچەکەدا. ئەو کاتانەی کە تەپڵی جەنگ لێئەدەن لەم ناوچەیەدا، یەکەم قوربانی ئاسایشی کارو کەرامەت و ژیانی کرێکارانە کە وێراندەکرێت.

سیاسەتی ئەم جەنگەی ئامریکا لەناوچەکەدا، ڕێکخستنەوەی ژێرخانی ئابوری وولاتانە بەپێی بەرژەوەندیە دوورماوەکانی سەرمایەی ئەمریکی و بەکۆمپانیا کردنی ژیانی خەڵک و بەتایبەت چینی کرێکاری ناوچەکە، کە هەتا دێت سوپای بێکاران فراوانتردەکات و بەم هۆیەشەوە هێزیکاری کرێکاران دەبێتە کالایەکی هەرزانتر، هەتا کرێکاران ناچار ببن بەکەمترین کرێ و کاری سەخت و قورسترین مەرج، ماندووبوون و خوێن و ژیانی خۆی تالانفرۆش بکات بەکۆمپانیا زەبەللاحەکان و خاوەنکارانی ناوخۆیی.

جەنگی ئامریکا تەنها بە وێرانکردنی جادەو ئاپارتمان و خەستەخانەو خوێندگاکانەوە ناوەستێ، تەنها بە کوشتاری خەڵکی مەدەنیەوە ناوەستێ، بەڵکو هاوکات دۆخی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش بەشێوەیەکی کارەساتبار بەرەوخراپ و خراپتر پاڵ پێوەدەنێت. کاتێک کەجەنگ و نائەمنی دەبێت، ئەو کاتەش خاوەنکار دەتوانێت کرێ و حەقدەستی کرێکار بۆ نزمترین ئاستی بهێنێتە خوارەوە، چونکە لەدەرەوەی دەرگای کارگەو کۆمپانیاندا، هەزاران هەزار کرێکاری بێکار ئامادەن تەنها بۆ نانی یەک ژەم کاربکەن، هەر ئەوەش بەئاشکرا فەرهودکردنی ڕەنج و ژیانی کرێکارانە.

ئامریکا لەلایەکەوە لەڕێگای هەژموونی سەربازی و عەسکەرتاریەتی خۆیەوە، تێچووی جەنگەکەی لەسەر حسابی فرۆشتنی جبەخانەی زەبەللاح بەوولاتان بەناوی خزمەتگوزاری ئەمنیەوە دەسەپێنیت، لەلایەکی تریشەوە جەماوەری کرێکاران و گەنجان لەناو جەنگە وێرانکەرەکانیدا دەسوتێنێت و کەشوهەوای کۆنەپەرستی لەناو کۆمەڵگادا پەرە پێدەدات کە سەرەنجام زەربە لە بزوتنەوەی چینی کرێکار و هوشیاری سیاسی چینی کرێکار دەدات و زەمینەی گەشەی بزوتنەوە بۆرژواییە دژە مرۆییەکان دەرەخسێنێ.

لەهەرێمی کوردستان، ئەم دۆخە ڕەهەندێکی مەترسیدارتری وەرگرتووە بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی و کاریگەری جەنگە هەرێمیەکانەوە، کە بازاڕیکاری تووشی دارمانکردووەو سوپایەکی گەورەی لەگەنجانی ئەم وولاتەی بێکارو سەرگەردان کردووە کەئامادەن بەنیوە کرێ یان حەقدەستی ڕۆژانەی چەند هەزار دیناری زیاتر لە هەشت و دەو دوانزە کاتژمێر کاربکەن، هەرئەوەش دەستی کۆمپانیاو کارگەو ناوەندەکانی کاری کردۆتەوە کە بەئارەزووی خۆیان مافی کرێکاران لەخواری خوارەوە ڕابگرن لەپێناوی کەڵەکەی سەرمایەو قازانجی خۆیاندا. ئەم جەنگەی ئەمریکاو ئیسرائیل لە ناوچەکەدا ئەوەندەی دیکە دۆخەکەی سەختتر کردوە. لەجەمسەرێکی تریشەوە لەجیاتی ئەوەی کەکرێکاران دەرفەتی کاریان هەبێت، هێزیکاری ئەوان لەبەرهەمهێنانەوە دەگوێزرێن بۆ هێزێکی سەربازی و ناچاردەکرێن بۆئەوەی بژین ببنە چەکدارو هێزی ئەمنی.

ئەم جەنگە فەزایەکی ئەمنی وا دروستدەکات کەتێیدا یاسایکار دەمرێت، لەم سۆنگەیەوەیە لەکوردستانداو بەتایبەتی لەکاتی قەیرانەکاندا دەنگی نارەزایەتی کرێکاران کپ و خامۆشدەکەنەوە بەپاساوی پووچی بارودۆخی نائاسایی و ڕێکنەکەووتن لەگەڵ بەغداد.. ئەوەش بۆ خۆی دەرفەتێکی داوە بەدەسەڵاتداران کەهەر جۆرە داواکارییەکی کرێکاران بەتێکدانی ئاسایش و لەبەینبردنی قەوارەی هەرێم وەسف بکەن و بێدەنگیان بکەن.

لەکۆتاییدا تێدەگەین کەئاسایش و ئاشتی ڕاستەقینە و پایەدار لەناوچەکەدا تەنها بە وەستانی فیشەک و ڕۆکێت کۆتایی نایەت، بەڵکو بەکۆتاییپێهێنانی خودی سیستەمی سەرمایەدارییە کەجەنگ وەک یەکێک لە بزوێنەرەکانی ئابوری بەکار دەهێنێت. جەنگێکە لەدژی نان و کەرامەتی کرێکاران. هەتا ئەو کاتەی هێزیکاری ئێمە ببێتە قوربانی بەرژەوەندییەکانی ئەوان، بێکاریش وەک مۆتەکەیەک لەسەر سنگی کرێکاران دەمێنێتەوە.. ڕێگای ڕزگاری لەهوشیاری ئەو کرێکارەوە دەستپێدەکات کەدەزانێت و تێدەگات شمشێری جەنگ تەنها بۆبڕینی خاکی وولاتێک نیە، بەڵکو بۆ بڕینی نانی سەر سفرەو خوانەکەی خۆشیەتی.

★

# هێزکۆکردنەوە و هەڕەشەکانی ئەمریکا دژی ئێران، تەواوی ناوچەکە ڕووبەڕووی جەنگێکی وێرانکەر دەکاتەوە!

کەشوهەوای ئەو شەڕەی ئەمریکا و ئیسرائیل لە دەوری ئێران خولقاندویانە، ناوچەکەیان لەبەردەم دڵەڕاوکێ و مەترسی هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورەی وێرانکەر و کوشتاری بەکۆمەڵدا ڕاگرتووە. چڕبوونەوەی دەنگۆی شەڕ و مەترسیەکان، لە ئەگەری قوڵبوونەوەی ئەم شەڕەدا، جگە لەوەی کاریگەری جدی لەسەر لەباربردن و پەراوێزخستنی خەباتی چینی کریکار و جەماوەری زەحمەتکێش بۆ ڕوخانی کۆماری ئیسلامی دادەنێت، مەترسیەکی گەورەیە بۆ داڕمانی کۆمەڵگا و نائارامی و بەرپاکردنی دۆخێکی کارەساتبار. هەر لە ئێستاوە بەشێک لە لایەن و تاقمە قەومپەرست و فاشیستەکانی بەرەی ڕاست، ئەو هێزانەی کە ئومێدی خۆیان بەم جەنگ و کاولکاریەوە گرێداوە، بۆ ئەوەی سوچێکی دەسەڵاتیان پێببڕێت، خەریکی ئامادەکاری و خۆسازدانن بۆ پەلکێشکردنی ئێران بەرەو عێراقیزەبوون.

ئەمریکا بەگەرمی لە پاڵ پڕوپاگەندەی جەنگیدا خەریکی هێزکۆکردنەوە و عەسکەرتاریزمی ناوچەکە و نمایشی جەنگییە، ئەمانە دەریدەخات کە دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا جەنگیان دەوێ. هەرچەندە جار جار ترەمپ وا ڕادەگەیەنێت لێدانەکەی سنووردارەکات بۆ ئەوەی ئێران ناچار بکات بگەڕێتەوە سەر مێزی دانوستان، ئەمە لەسەرێکەوە گەمەیەکی سیاسیی ئەمریکایە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، بۆ ملکەچبون و ڕادەستبونی ئێران بە سیاسەت و نەخشەکانی خۆی لە ناوچەکەدا. لەسەرێکی تریشیەوە، هەوڵی ئەمریکایە بۆ بە دەستهێنانی بەشی زیاتر لە نەخشەی سیاسی و ئابوری و ئەمنی ناوچەکە و بچڕینی پشکێکی شێریشە بۆ ئیسرائیل.

بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە ئەگەر جەنگ بەرپابێت هیچ زەمانەتێک بۆ سنوردابونی نامێنێتەوە.

جۆری نمایشەکانی ئەمریکا و نارۆشنی دانوسانەکان و هەڕەشەی هەردوولا لەیەکتر، پێشبینی و ئەگەری شەڕی بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد کردووە. کێشەی بنەڕەتی ئەمریکا وەک وڵاتێکی سەرمایەداری زلهێزی دنیا و هەوڵی بۆ باڵادەستی بەسەر ناوچەکەدا، لێدانە لە دەوری هەر وڵاتێکی سەرمایەداری زلهێز، کە ڕکابەری بکات و ببێتە کۆسپ لەبەردەم نەخشەکانیدا. لە هەمانکاتدا دورخستنەوەی نفوزی ڕوسیا و چین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەرست، لە ئێستادا لە ڕوی عەمەلیەوە بۆ ئەمریکا تێکشکاندن و ملکەچکردنی ئێرانە، وەک هاوپەیمانی ڕوسیا و چین.

دیارە ئەگەری ئەوەی دۆخی ئێران لە ئاکامی ئەم شەڕە و قوڵبونەوەیدا بگات بە سیناریۆی کارەساتبار و عیراقیزەبوون، کە بە خودی ئەمریکا و داروودەستەکانیشی کۆناکرێتەوە، بوەتە گرفتێک لەبەردەم جەنگخوازی ئەمریکادا. کۆماری ئیسلامی ڕژێمیکی لە بابەت ڕژێمی سەدام و بەشار ئەسەد نییە، کە بە هێرشێک پاکبکرێتەوە و لەڕریشە دەربێت. ئەم ڕژێمە لە ئەگەری زۆر لاوازبوون و تەنانەت ڕوخانیشیدا لەڕێگای ئەم شەڕەوە، ئەوەندە داروودەستەی مرۆڤکوژ و فاڵانژی هەیە کە کۆمەڵگا نائەمن و ڕاپێچی سیناریۆی کارەساتبار بکات. واتە بۆ ئەمریکا و داروودەستەکانی ئاسان نییە بتوانن کۆنترۆڵی تەواو بەسەر ئێراندا بەدەست بهێنن، هەوڵی دانوستان و ناچارکردنی جمهوری ئیسلامی بۆ ملدان بە مەرجەکانی، لانی کەم لە ئاستێکدا کە ئەمریکا بتوانێ ئیدعای بردنەوە بکات، لێرەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئێستا بە بەرچاوی تەواوی جیهانەوە، ژیانی خەڵکی ئێران کەوتۆتە ژێر کاریگەریی هەڕەشەی دۆخێکی تەواو مەترسیدارەوە. لەهەمانکاتدا سیاسەتە ئابورییەکانی کۆماری ئیسلامیش کە بە درێژایی دەیان ساڵ گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی زۆر بەرتەسک و توشی نەداری کردووە، توانای کڕینی کرێکاران و کارمەندان و مووچەخۆران و زەحمەتکێشانی زیاتر لە جاران سنووردار کردووە. بەڵام کەمینە سەرمایەدارەکان کە پاڵپشتی کۆماری ئیسلامی دەکەن، خاوەنی گەورەترین کەڵەکەی سەرمایە و خۆشگوزەرانی و فەنتازیات و خاوەن کۆشک و تەلارن. ئەوەش قڵشتێکی گەورەی لە نێوان خاوەن سەرمایە و سەرانی دەسەڵات لەلایەک و کرێکاران و خەڵکی هەژار و نەداردا لەلایەکی ترەوە، دروستکردوە. هەر نارەزایەتییەکی جەماوەریش لەدژی ئەم بێمافی و نەداریە لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە سەرکوت و شەلاڵی خوین دەکرێت. لە هەمانکاتدا دۆخی شەڕ و بیانووی هەڕەشەی ئەمریکا و ئیسرائیل و دەوخاڵەتکردنیان لەناوخۆی ئێراندا لە ڕێگای داروودەستەکانیانەوە، هێندەی تر دەستی ڕژێمی بۆ سەرکوتی نارەزایەتیەکان ئاوەڵا کردووە.

دەوڵەتی ئەمریکا کە خاوەنی مێژویەکی خوێناوی کوشتنی ملیۆنان کەسە لە یابان، ڤێتنام، ئەفغانستان، عێراق، لیبیا، سوریا..، جارێکی دیکە پەنای بۆ درۆیەکی شاخداری بێشەرمانە بردووە. لەژێر دروشمی نامرۆڤانە و ئابروبەرانەیدا بەناوی "رزگارکردنی خەڵکی نارازی ئێران" و وەک پاڵەوانێک و فریادرەسێکی ساختەباز بانگەوازی ڕوخانی کۆماری ئیسلامی ڕادەگەیەنێت،

هەوڵبدات زەمینە ساز بکات بۆ جەنگ و کاولکاری بەبیانوی "چونەپێشەوەی بەرنامەی چەکی ئەتۆمی و پیتاندنی یۆرانیۆم"ی کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵگایەکی ٨٥ ملیۆنی لەبەردەم هەرەشەی نابوتیدا راگرتووە.

کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخواز کە ئومێد دەکەن رۆژێک زووتر ئەم رژێمە هار و نەگریسە بروخێنن، نابێ فریوی ئەمریکا و داورودەستەکانی و هێزە راسترەو و کۆنەپەرستەکان بخۆن و ئومیدی خۆیان گرێبدەن بە پێشوازیکردن و چاوی ئومێدبڕین لە سیناریۆی شەڕخوازی و ویرانسازی هێزێکی ئیمپریالیستی وەکو ئەمریکا. شەڕی ئەمریکا لە دژی جمهوری ئیسلامی نەک هەر ڕێگای نەجاتی ئەوان نییە لەم رژێمە چەپەڵە، بەڵکو سیناریۆیەکە بۆ لەباربردن و لەکارخستنی بزوتنەوەی روخانی ئەم رژێمە بەدەستی خەڵک و نوسینی چارەنوسێکی درەخشان بۆ ئەم کۆمەڵگایە. دەرئەنجامە کارەساتبارەکان و دەستێوەردانە سەربازیەکانی ئەمریکا وەک ئەزمونێک لە ئەفغانستان، عێراق، سوریا، لیبیا و عێراق لەیادمان ماون، دانیشتوانی ئەو ناوچانە تائیستا لەژێر باری پاشماوەی کارەساتەکاندا دەرنەچوون.

ئەم شەڕە ئەگەر رووبدات، جگە لە مەرگ و وێرانکاری، بناغەکانی ژیانی کۆمەلایەتی تێکدەدات و بزووتنەوەی سەرنگونی رژێم، بزووتنەوەی کرێکاری، ژنان، خوێندکاران، مامۆستا و خانەنشینان، نارازیەتی بەرفراوانی جەماوەری بەرەو دواوە دەبات و پاشەکشە پێدەکات. ئەو هێز و لایەن و دەستەوتاقمانەی چاوی ئومێدیان بڕیوەتە جەنگ و دەیانەوێ خۆڵ بکەنە چاوی خەڵک و ئومێدەواریان بکەن بە جەنگ، جگە لەوەی هێز و لایەنی کۆنەپەرست و فاشیست و بێبەرین لە هەرجۆرە هەستکردنێک بە لێپرسراوێتی بەرامبەر خەڵک و کۆمەڵگا، دەیانەوێ هەموو شتێک بکەن بە قوربانی ئامانج و مەبەستە چەپەڵ و دژی خەڵکیەکانی خۆیان. چینی کریکار و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران دەبێ ئەم هێز و لایەنە کۆنەپەرست و نابەرپرسانە ریسوابکەن و تەریکیان بخەنەوە.

لەم ساتە ناسک و پرمەترسیەی دووچاری خەڵکی ئێران بووە، پێویستە دەنگی چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخواز و دژ بە جەنگ لە ئاستی جیهانیدا بەرزبێتەوە بۆ فریاکەوتنی خەڵکی ئێران و پێشگرتن بەم سیاسەتە شەڕخوازانەیەی ئەمریکا. لە ئەگەری بەرپابونی شەڕ و ئاوارەبوونی خەڵکدا، پێویستە جەماوەری بێبەشی ناوچەکە و کوردستان و عێراق بە دەنگ خەڵکی ئێرانەوە بچن و بە هەموو شێوەیەک هاوکارییان بکەن.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٦ ی شوباتی ٢٠٢٦**

# سەبارەت بە کوشتنی خامەنەیی لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە!

٢٨ ی مانگی شوبات، لە بۆردومانێکی ئاسمانی ئەمریکا و ئیسرائیلدا بۆسەر تارانی پایتەختی ئێران، عەلی خامەنەیی رابەری کۆماری ئیسلامی ئێران، لەگەڵ ژمارەیەک لە گەورە بەرپرسانی تر کوژران. کوژرانی خامەنەیی کە زیاتر لە چەند دەهەیە لە هەرەمی دەسەلاتدارێتی ئێراندا راوەستاوە و تەواوی بڕیاری سیاسی لەدەستدابووە، وەرچەرخانێکی گەورەیە لەسەر ئاستی سیاسی ناوخۆی ئێران و ناوچەکە و لە ململانێی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا.

کوشتنی خامەنەیی تاوانبار کە دەستی خۆی و رژێمەکەی بە خوێنی هەزاران هاولاتی نارازی ئێران و هەلسوراوانی سیاسی و کرێکاری و کۆمۆنیست سوورە، لەلایەن ترامپ و نەتەنیاهووە کە گەورەترین تاوانیان دژی مرۆڤایەتی ئەنجامداوە، لە عێراق و ئەفغانستان و رۆژهەلاتی ناوەراست و ڤێتنام و سەرتاسەری دنیا و هەزاران منال و خەڵکی مەدەنییان لە فەلەستین و غەززە جینۆساید کردووە، ئەو دەرفەتەی لە چینی کرێکار و جەماوەری بەشمەینەتی ئێران زەوتکرد، کە زیاتر لە چوار دەهەیە، بۆ کۆتاییهینان بە دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی و سەرانی درندەی ئەو رژێمە تێدەکۆشن و کێویک لە قوربانیان بۆ ئەو مەبەستە پێشکەشکردووە، کە بتوانن خامەنەیی و باقی سەرانی مرۆڤکوژی ئیسلامی ئێران لە دادگایەکی شۆرشگێرانەی جەماوەریدا دادگایی و بەسزای رەوای خۆیان بگەیەنن.

بانگەشەی ئەمریکا و ئیسرائیل سەبارەت بە کوشتنی خامەنەیی و باقی سەرانی رژێمی ئیسلامی وەکو تۆڵەکردنەوەی خەڵکی ئێران بەرامبەر بە تاوانەکانی ئەو رژێمە و هەڵرشتنی فرمێسکی تیمساحی بۆ خەڵکی ئێران، هیچ نییە جگە لەهەوڵێک بۆ بەبارمتەگرتن و لەباربردنی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ستەمدیدەی ئێران لەپێناو سەرنگونی ئەو رژێمە و بۆ دەستەمۆکردنی رژێمی ئاخوندە ملهورەکانی ئێرانە بۆ بەرژەوەندیەکانیان و گێرانەوەیان بۆ بازنەی ئامانجە

ستراتیجیەکانیان.

کوشتنی خامەنەیی و سەرانی ڕژێمی تیرۆریستی ئیسلامی ئێران لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە هیچ شەرعیەتێک نادات بەو جەنگە دڕندانەیەی کە بەرامبەر بە خەڵکی ئێران و ناوچەکە بەرپایان کردووە. ئەمریکا و ئیسرائیل بە لەژێرپێنانی هەموو بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و لەسەر بنەمای ملهوڕی و هێزنواندن دەیانەوێ ئەو دەوڵەت و ڕژێمانەی کە لەناو ئەڵقەی بەرژەوەندیەکانی ئەواندا ناسوڕێنەوە، سەرکوت یان دەستەمۆ بکەن! جەنگ و هێرشی سەربازی ئەوان بۆسەر ئێران هیچ پەیوەندیەکی بە ئاوات و هیواکانی خەڵکی ئێرانەوە نییە بۆ ئازادی و ڕزگاربوون لە دەستی ڕژێمی دڕندەی ئیسلامی ئێران و بزووتنەوەی ئەوان بۆ سەرنگونی ئەو ڕژێمە.

ئێمە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان، لە کاتێکدا داوای دەستبەجێ کۆتاییهێنان بە جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل لە دژی ئێران دەکەین، هاوکات ڕادەگەیەنین کە ڕوخاندنی ڕژێمی ئیسلامی ئێران کار و ئەرکی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشی ئێرانە. دەبێ خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکە و جیهان پشتیوانی لە خەباتی سەربەخۆی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران بۆ ڕوخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژێمی ئیسلامی بکەن و دژی هەرجۆرە دەستێوەردانێکی سەربازی ئیمپریالیستی ئەمریکا و ئیسرائیل بن لە دۆخی سیاسی ئێراندا و بۆ دەستبەجێ کۆتایهێنان بە جەنگ دەنگ هەڵبڕن.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**١/٣/٢٠٢٦**

# لایەنێکی تر لە شەڕی ئەمریکا و ئێران، ڕۆڵی روسیا و چین لەم شەڕەدا!

## عوسمانی حاجی مارف

چین ئامانجی ئەوەیە پێش ناوەڕاستی ئەم سەدەیە، خۆی وەک پێشەنگی ئابووری جیهان جێگیر بکات، هەروەها نایەوێت دەستبەرداری هاوپەیمانێکی ئابووری چارەنووسسازی وەک ئێران ببێت، کە ڕێککەوتنێکی ٢٥ ساڵەی لەگەڵدا هەیە، ساڵی ٢٠٢٥ پەکین نزیکەی ٨٠٪ ی نەوتی ئێرانی لە ڕێگەی گواستنەوەی بارهەڵگری دەریاییەوە هاوردە کردووە.

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا چەندین جار چینیان بەوە تۆمەتبار کردووە کە لە ساڵانی ڕابردوودا سیستەمی بەرگری ئاسمانی و پێکهاتەکانی سووتەمەنی مووشەکی بۆ ئێران دابینکردووە. هەر لە سەرەتای ململانێی ئێستاوە، هەمان ئەو دەزگا میدیایانە باسیان لەوە کردووە کە پەکین ئامادەکاری دەکات بۆئەوەی مووشەکی پێشکەوتووی دژە کەشتی بۆ تاران دابین بکات، پێشتریش چەکی بۆ ئێران دابینکردبوو، لەوانە مووشەک و فڕۆکەی جەنگی. لەهەمانکاتدا چین لەبەرامبەر دارمانی ئەگەری یەکێک لە هاوپەیمانە گرنگەکانی بێدەنگ نابێت، هەربۆیە چین و روسیا لەم شەڕەشدا کۆمەکی زۆریان بە ئێران کردووە، لە .پێدانی چەک و زانیاری سەربازی

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، کە بۆچی ڕژێمی ئێران بۆ چین ئەوەندە گرنگ و چارەنووسساز دادەنرێت؟ لەواقیعدا ئێران بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافیەکەی و گرنگیەکەی لە دابینکردنی سەرچاوەی وزە، شتێکی هاوشێوەی هێڵی بەرگری یەکەمە بۆ پرۆژەی چینی کە هەوڵی سەرکردایەتیکردنی ئابووری جیهان دەدات، دەیەوێت سیستەمی نێودەوڵەتی بگۆڕێت بۆ سیستەمێکی فرە جەمسەری کە چیتر ئەمریکا زاڵ نەبێت.

ئەو میحوەرەی تاران لەماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دایمەزراندووە، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە سەرقاڵکردنی واشنتۆن بە تیشک خستنە سەر بەرگریکردن لە ئیسرائیل، ئەمەش وای لە ئەمریکا کردووە، کە دەخالەتی ڕاستەوخۆ لە ناوچەکەدا بکات و هەوڵئەدات بە هەمووجۆرێک کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات، تا توانای پرۆژەی چینی لاواز کات. بەم پێیە شاراوەنیە کە چین لە خەمی مانەوەی ڕژێمی ئێراندا بێت، بەوەی کە ئێران بە ئاشکرا دوژمنایەتی ئەمریکا و ئیسرائیل دەکات.

زەحمەتە بتوانین تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە لەو شەڕە بەدەست بهێنین، کە ئەمریکا بە هاوپەیمانی لەگەڵ ئیسرائیل دژی ئێران بەڕێوەی دەبەن، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی زەمینە نێودەوڵەتیە فراوانترەکەی نەکەین، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو هەڵوێستانەی کە لەبارەی شەڕەوە گیراوەتەبەرپێویستە ، کاردانەوەکانی بۆ زلهێزەکانی دیکەی سیستەمی نێودەوڵەتی ببینین، بەتایبەتی لەسەر ڕووسیا و چین.

لە ماوەی ١٥ مانگدا چین دوو هاوپەیمانی لە سەر شانۆی نێودەوڵەتی لەدەستداوە، ئەوانیش بەشار ئەسەد لە سوریا و نیکۆلاس مادۆرۆ لە فەنزوێلا، هەروەها مەترسی لەدەستدانی سێیەم هاوپەیمانیشی نزیک دەبێتەوە، ئەگەر ئیدارەی ترەمپ سەرکەوتوو بێت لە گەیشتن بە ئامانجەکانی لە شەڕی دژی ئێراندا.

پێگەی ستراتیژێکی ئێران و پەیوەندی پتەوی لەگەڵ هەردوو ڕووسیا و چین، لە هۆکارە بنەڕەتیەکانی شەڕی ئەمریکایە لە بەرامبەر ئێراندا. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، کە هەڵوێستی ڕووسیا لە ئیدانەکردنی زارەکی تێنەپەڕیوە،

چین تەنیا نیگەرانی خۆی دەربڕیوە و جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئەمریکا بە هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ ئێران یاسا نێودەوڵەتیەکان پێشێل دەکات!.

ئێران گرنگترین وڵاتی زلهێزی ناوچەییە لە ڕۆژئاوای ئاسیا، یەکێکە لە گەورەترین وڵاتەکانی ناوچەکە، ئێران خاوەنی دووەم گەورەترین یەدەگی غازی سروشتی جیهانە لەدوای ڕوسیا، سێیەم گەورەترین یەدەگی نەوتە دوای ڤەنزوێلا و سعودیە، هاوسنوورە لەگەڵ ١٩ وڵات و ڕووی لە یەکێک لە گرنگترین ڕێڕەوی ئاوی جیهانە.

لەدوای کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی لە ساڵی ٢٠١٨، تاران سیاسەتی قوڵکردنەوەی هاوبەشی لەگەڵ مۆسکۆ و پەکین وەک پایەیەک لە دژی فشارەکانی ڕۆژئاوا گرتوتەبەر. ئەم سیاسەتە بە ڕێکەوتنی درێژخایەن و هاوکاری سەربازی و تەکنیکی و مانۆڕی هاوبەش لە کەنداودا بەهێزتر بووە، بەڵام ڕاپۆرت و لێکدانەوەکانی ڕۆژئاوا کە لە هەفتەکانی پێش لێدانەکە بڵاوکراونەتەوە، بەڕوونی ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەم پەیوەندیانە سەرەڕای پەرەسەندنیان، ناگاتە هاوپەیمانیەکی بەرگری پابەندکەر، ڕەنگە مۆسکۆ و پەکین پێیان باشتر بێت قەیرانەکە بە شێوەیەکی سیاسی بەڕێوەببەن نەک بەشداری سەربازی بکەن.

وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا بە داننان بە گرنگی ئێراندا، لەدەستدانی هاوپەیمانێکی لە ئێران لە دوای ڕووخانی شا لە ساڵی ١٩٧٩ بە گەورەترین خەسارەتی ستراتیژی ئەمریکا بەدرێژایی شەڕی سارد وەسف کرد، وەرگرتنەوەی ئەم هاوپەیمانیە خەونی هەموو سەرۆکەکانی ئەمریکا بووە، لە جیمی کارتەرەوە تا جۆ بایدن، لەنێویاندا ڕۆناڵد ڕیگان، جۆرج بوش، بیل کلینتۆن، باراک ئۆباما، ئێستاش دۆناڵد ترەمپ، کە هیوادارە بە چارەسەرکردنی ئەم پرسە کە لەلایەن سەرۆکەکانی پێش خۆیەوە بەئەنجامێک نەگەیشتووە، هەوڵدەدات بەم شەڕە مێژوویەکی گرنگ بۆ خۆی تۆماربکات!.

لەکاتێکدا ترەمپ هیچ نهێنیەکی لە تەماحەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی ئێران نەشاردۆتەوە، وەک ئەوەی لە ڤەنزوێلا کردی، بە هەمان شێوە هەوڵی لاوازکردنی چین دەدات بە بێبەشکردنی لە یەک بە یەکی هاوپەیمانەکانی و دەستبەسەرداگرتن و کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی وزە، ئەگەر ئەمریکا لەم شەڕەدا سەرکەوتوو بێت و بتوانێت ئێران کۆنترۆڵ کات، لە ٧٠٪ ی سەرچاوەکانی وزەی چین لە هەردوو دیوی کەنداو کۆنترۆڵ دەکات.

لەلایەکی تریشەوە چین گەورەترین سوودمەند بووە لە شەڕەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە و وڵاتانی ناوبراو بە ئیسلامیدا، لەنێوان ساڵانی "٢٠٠١ بۆ ٢٠٢١"، کەهاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی خێرای چین لەباری ئابوورییەوە. چین پێی باشە ئەمریکا تێکەڵ بە شەڕێکی دیکەی درێژخایەن بێت لە ناوچەکەدا، ئەمەش بە ئەگەرێکی زۆرەوە، کاتێکی زیاتر دەدات بە چین بۆ بەهێزکردنی تواناکانی لە داهاتوودا. لەهەمانکاتدا ڕووسیا دەخوازێت شەڕی نێوان ئێران و ئەمریکا درێژخایەن بێت و وڵاتانی زلهێزی ئەوروپا (بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا) ڕابکێشرێنە ناو ئەو شەڕەوە، تا سەرنجیان لە پشتیوانیکردنی ئۆکرانیا لابدەن و سەرچاوەکانیان ئاراستەی مەیدانێکی تر بکەن. لەواقیعدا شەڕ لەگەڵ ئێران نوێنەرایەتی بەرچاوترین دەرفەتی پوتین دەکات بۆ لاوازکردنی ئەوروپیەکان و کۆتایهێنان بە شەڕی ئۆکرانیا لەسەر مەرجەکانی، بەڵام ئەگەر واشنتۆن بەخێرایی ناکۆکی لەگەڵ ئێران بە قازانجی خۆی یەکلایی بکاتەوە، ئەوا حساباتەکان بۆ هەموو لایەک بە تەواوی جیاواز دەبن.

چین لە قبوڵکردنی ئەو واقیعەی ئەگەر واشنتۆن بە توانا سەربازیە ترسناکەکانی هەژموونی ئیرادەی خۆی بەسەر ئێراندا بسەپێنێت، هەروەها لە قبوڵکردنی هەندێک دەوری لە ڕێکخستن سەبارەت بە نەوتی ئێران، بە دڵنیاییەوە بۆ لە هەوڵەکانیدا بۆ هەژمونی بەسەر جیهاندا لە بەرامبەر ئەمریکادا لاوازتر دەمێنێتەوە. تاکە سوودێک کە چین دەتوانێت لەم ئەزموونەدا بەدەستی بهێنێت، وەرگرتنی وانە ستراتیژیە گرنگەکانە بۆ داهاتووی ململانێی لەگەڵ ئەمریکا، چونکە بێگومان چین ناتوانێت دەستبەرداری تەماحەکانی و پێگەی خۆی بێت لە جیهاندا.

هەڵبەتە ئەگەر شەڕەکە پەرە بسێنێت و چین بە ناچاری بچێتە ناو شەڕەکەوە، ئەوا پێش ئەوەی بەر فشارەکانی واشنتۆن بکەوێت، ئەو کارە دەکات، بەڵام ئەو کاتە جیهان دەچێتە ناو جەنگی جیهانی سێیەمەوە!. دەرئەنجامێکی لەو شێوەیە پێویستی بەوە دەبێت چین هەموو تواناکانی لەگەڵ ئەمریکادا لەدەست بدات، شتێک کە پێناچێت واشنتۆن بیەوێت جیهان بەرەو شەڕ پاڵ پێوە بنێت، بەتایبەتی کە هێشتا توانای سنووردارکردنی تەماحەکانی چین و هەڕەشەکردن و فشارخستنە سەری و سەرقاڵکردنی بە چەندین پرسەوە ماوە. جگە لەوەش واشنتۆن توانای ئەوەی هەیە کە بە ناچاری گۆڕانکاری لە سروشتی ڕژێمی ئێراندا بکات بەبێ ئەوەی چین لە سوودە ئابوورییەکانی لە نەوتی تاران بێبەش بکات.

لە ساڵانی ڕابردوودا، ئێران هەوڵی داوە تۆڕێکی پەیوەندی ستراتیجی لەگەڵ ڕووسیا و چین بنیات بنێت، لەسەر ئەو بنەمایەی کە گۆڕانی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی بەرەو فرە جەمسەری دەچێتە پێشەوە، ئەمەش بوارێکی زیاتری پێدەبەخشێت بۆ مانۆڕ لە بەرامبەر فشارەکانی ئەمریکادا، ئەم هاوبەشیانەش لە ڕێکەوتنە درێژخایەنەکانی هاوکاری، ڕێکەوتنە سەربازییەکان، مەشقی هاوبەشی دەریایی و قووڵکردنەوەی هاوکاری لە بوارەکانی وزە و تەکنەلۆژیادا دەرکەوتووە.

ڕێڕەوی پەیوەندیەکانی ئێران و ڕووسیا و چین لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندیە تایبەتیەکان دامەزراوە، نەک پابەندبونێکی گشتگیر لە بواری

بەرگریدا، کە مانۆڕە دەریایە هاوبەشەکان لە کەنداوی عومان و گەرووی هورمز، سەرەڕای هێما سیاسیەکانیان، لە ڕووی پانتایی و تواناکانیانەوە سنووردار ماونەتەوە، بەراورد ناکرێن لەگەڵ کۆکردنەوەی سەربازی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

ئەوە ڕۆشنە کە مۆسکۆ و پەکین زیاتر یارمەتی ئابووری و تەکنەلۆژیایان بۆ تاران دابینکردووە، نەیانگۆڕیوە بۆ ڕێگریەکی سەربازی کە لە درێژماوەدا، توانای بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتی ئەمریکای هەبێت. پێدەچێت ڕوسیا و چین بژاردەی بەشداریکردنی سنوورداریان هەیە و خۆیان تەنها لە هەڵوێستێکی سیاسیدا قەتیسکردووە، نوێنەرایەتی ڕێبازێکی هاوسەنگ دەکەن لە نێوان پاراستنی هاوبەشییان لەگەڵ تاران و دوورکەوتنەوەیانە لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورە لەگەڵ ئەمریکادا.

ئەگەر گۆڕانی ڕژێم لە ئێران ڕوویدات، گورزێکی گەورەی جیۆپۆلەتیک لە مۆسکۆ و پەکین دەدات. بەمانای لەدەستدانی هاوپەیمانێکی سەرەکی کە بەشداری لە پرۆژەکانی بنیاتنانی جیهانێکی فرە جەمسەریدا دەکرد، دەوریان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سنوردار دەکات، هەروەها لەدەستدانی متمانەیانە لەنێوان چەند وڵاتێکی جیهاندا، لە ئاسیای ناوەڕاستەوە تا ئەفریقا، کە وەک هاوپەیمانی ڕوسیا دەناسرێن. کاریگەریەکانی ئەمە لەسەر سروشتی ئەو نەزمە نوێیە جیهانیە دەبێت، کە ڕووسیا و چین هەوڵی دامەزراندنی دەدەن. لەهەمانکاتدا شکستی ئەمریکاش لەدوای شەڕی ئێران، نەتوانینی جێگیرکردنی سەقامگیریە لە ناوچەکەدا، هاوسەنگی پێگەی ڕوسیا و چین بۆ بەردەوامی دەخالەتیان لە ناوچەکە و ململانێیان بەرامبەر جەمسەرە زلهێزەکان لە جیهاندا دەباتە پێشەوە.

★

# وەهمی دەرفەتی مێژوویی لە جەنگی زلهێزەکاندا: ماڵوێرانی یان ئازادی مرۆڤ؟

## توانا محەمەد نوری

باسکردن لەوەی کە گوایە ئێستا "دەرفەتێکی مێژوویی" هاتووەتە پێشەوە بەهۆی ململانێی زلهێزەکان و جەنگی وڵاتانی ناوچەکەوە وە گرێدانی هەموو کێشەکان بە "نەبوونی یەکڕیزیی کورد" و ناکۆکی حیزبەکان، خوێندنەوەیەکی زۆر ڕووکەش و مەترسیدارە بۆ چارەنووسی خەڵکی کوردستان.

سەرەتا دەبێت ئەوە ڕوون بێت کە بەرژەوەندیی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخواز، لەگەڵ بەرژەوەندیی حیزبە سیاسییەکان و نوخبە دەسەڵاتدارەکاندا یەک نییە. کاتێک باس لە "کورد" دەکرێت وەک یەک پاکێج و یەک جەستە، ئەوە گەورەترین هەڵخەڵەتاندنە. لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا چین و توێژی جیاواز هەن؛ خەڵکێک هەیە نان نییە بیخوات، خەڵکێکیش هەیە بازرگانی بە خوێن و شەڕەوە دەکات. بانگەوازکردن بۆ "یەکڕیزی" لە نێوان جەاللاد و قوربانی، یان لە نێوان بازرگانانی شەڕ و خەڵکی مەدەنی، تەنیا بۆ ئەوەیە خەڵک بێدەنگ بکرێت و بکرێنە سووتەمەنی بۆ بەرژەوەندیی ئەو حیزبانە.

ئەو "دەرفەتە"ی باسی لێوە دەکرێت کە گوایە لە ئەنجامی شەڕی ئەمریکا و ئێران یان ئالۆزییەکانی ناوچەکە دروست دەبێت، لەڕاستیدا دەرفەت نییە بۆ ئازادیی مرۆڤەکان، بەڵکو کارەساتە. مێژوو سەلماندوویەتی کە کاتێک بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی (قەومی) هیواکانی خۆی لەسەر ململانێی وڵاتانی زلهێز هەڵدەچنێت، دەرەنجامەکەی تەنیا ماڵوێرانییە بۆ خەڵکی سادە. ئەم سیاسەتە وادەکات خەڵکی کوردستان نەبنە خاوەنی چارەنووسی خۆیان، بەڵکو ببنە کارتێکی فشار و



سەربازی پیادەی ئەم دەوڵەت یان ئەو دەوڵەت. ئازادیی ڕاستەقینە بە سازش و مامەڵەی ژێربەژێر لەگەڵ زلهێزەکان بەدەست نایەت، بەڵکو بە هێزی ڕێکخراوی جەماوەری مەدەنی و کرێکاری و ژنان و لاوان بەدەست دێت.

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ستراتیژیی چاوەڕوانی بۆ ئەمریکا و ڕۆژئاوا، گەورەترین ژەهرە کە دەکرێتە ناو جەستەی کۆمەڵگاوە. ئەم سیاسەتە بە خەڵک دەڵێت: "ئێوە بچنەوە ماڵەکانتان و دەستەوستان دابنیشن، با فڕۆکە و سەربازە بێگانەکان ڕزگارتان بکەن." ئەمە واتە کوشتنی باوەڕبەخۆبوون و ئیرادەی سیاسیی خەڵک. کاتێک چارەنووسی کۆمەڵگایەک بە بڕیارێکی کۆشکی سپی یان کۆبوونەوەیەکی ناتووە گرێ دەدرێت، خەڵک لە بکەرێکی چالاکەوە دەبنە تەماشاچییەکی بێدەسەڵات. مێژوو فێری کردووین کە بۆ ئەمریکا، پرسی کورد و هێزە سیاسیەکانی ناسیۆنالیستی کورد، تەنیا کارتێکن بۆ کاتێکی دیاریکراو، نەک هاوپەیمانێکی ئەبەدی. پشت

بەستن بەم هێزانە، جگە لە بێئیرادەکردنی جەماوەری ناڕازی و سپاردنی ملیان بە بەرژەوەندیی ئیمپریالیزم، هیچ مانایەکی تری نییە.

بەداخەوە، ئەم پەتای چاوەڕوانی و خۆهەڵواسینە بە هێزی دەرەکییەوە، تەنیا یەخەی ناسیۆنالیستەکانی نەگرتووە، بەڵکو هەندێک ڕێکخراو و گرووپی بەناو "چەپ" و "کۆمۆنیست"یشی گرتووەتەوە. ئەمانیش لەبری ئەوەی پشت بە هێزی ڕێکخراوی کرێکاران و جەماوەری ناڕازیی ناوخۆ ببەستن، کەوتوونەتە داوی ئەو وەهمەوە کە گوایە دەستتێوەردانی سەربازیی ڕۆژئاوا و سیناریۆیەکی وەک عێراق یان لیبیا، دەتوانێت دەرگای ئازادی بکاتەوە. ئەمە لادانێکی مەترسیدارە لە پرەنسیپە سەرەتاییەکانی ئازادیخوازی؛ چونکە گۆڕینی ڕژێمێک بە دەستی هێزێکی ئیمپریالیستی، هەرگیز واتای شۆڕش و ڕزگاری نییە، بەڵکو تەنیا دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە لە سەرەوە، بەبێ ئەوەی بنەماکانی ژیانی خەڵک و سیستەمە چەوسێنەرەکە بگۆڕێت.

سەبارەت بەوەی کە دەگوترێت "کێشەکە پەرتەوازەیی حیزبەکانە"، دەبێت بپرسین: ئایا سروشتی ئەم حیزبانە خۆی کێشەکە نییە؟ ئەم هێزانە کە بە عەقڵیەتی خێڵەکی و میلیشیایی و کۆنەپەرستییەوە سیاسەت دەکەن، تەنانەت ئەگەر یەکیش بگرن، هەر ناتوانن ئازادی و یەکسانی بۆ خەڵک دابین بکەن. یەکگرتنی چەند هێزێکی سەرکوتگەر و دژە-ئازادی، تەنیا دەبێتە دروستکردنی هێزێکی سەرکوتگەری گەورەتر بۆ لێدان لە هەر دەنگێکی ئازاد لە داهاتوودا. نموونەی باشووری کوردستان و بەرەی کوردستانی لە ڕابردوودا دیارە؛ ئەوان یەکیان گرت، بەڵام بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەت و سامان لەنێوان خۆیاندا، نەک بۆ خۆشگوزەرانی خەڵک. بۆیە کێشەکە ئەوە نییە ئەوان یەک نین، کێشەکە ئەوەیە بەرنامە و ئامانجیان دژی بەرژەوەندیی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و جەماوەری ئازادیخوازە.

نابێت چیتر خەونەکانی خەڵک بە "دەوڵەت"ێکەوە گرێ بدرێت کە ناوەڕۆکەکەی دیار نییە. گۆڕینی پۆلیس و زیندانەوانی عەرەب یان فارس یان تورک بە پۆلیس و زیندانەوانی کورد، ناوی ڕزگاری نییە. ڕزگاری بریتییە لە کۆمەڵگایەکی سکۆلار، یەکسان، مۆدێرن کە تێیدا مرۆڤ بەبێ گوێدانە نەتەوە و ئایین و ڕەگەز، ڕێزی لێ بگیرێت و مافی پارێزراو بێت و ژیانێکی شکۆمەندانەی هەبێت. ئەو "هەلە مێژووییە"ی کە دەبێت کاری بۆ بکرێت، هەلی جەنگ و وێرانکاری نییە، بەڵکو هەلی ڕێکخستنی خەڵکە لە دەرەوەی بازنەی حیزبە قەومی و ئایینییەکان بۆ ئەوەی دنیایەکی باشتر بۆ خۆیان دروست بکەن، نەک چاوەڕێی ڕەحمەتی کۆشکی سپی یان تاران بن.

کورت و کرمانجی، هێزی خەڵکی کوردستان لە "یەکگرتنی حیزبەکان"دا نییە، بەڵکو لە هاتنە مەیدانی ئیرادەی سەربەخۆی خەڵکدایە دژی ئەو سیستەمە جیهانی و ناوچەییەی کە مرۆڤ دەکاتە قوربانی. تا ئەوکاتەی سیاسەت لە کوردستان لەسەر بنەمای نەتەوەپەرستی و چاوەڕوانی دەستی هێزو دەوڵەتە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە بڕوات، ئەم بازنە داخراوەی ماڵوێرانی هەر دووبارە دەبێتەوە، جا حیزبەکان یەک بن یان سەد پارچە بن.

٦/٣/٢٠٢٦

# ناڕەزایەتی جیهانی دژ بە جەنگی ئەمریکاو ئیسرائیل بۆسەر ئێران!




ئەم چەندرۆژەی ڕابردوو لەگەڵ درێژەی جەنگی ئەمریکاو ئیسرائیل بۆسەر ئێران و وەڵامی کۆماری ئیسلامی ئێران، نا ئارامی و کوشتارو کاولکاری نەک تەنیا ئێرانی گرتەوە، بەڵکو بەجۆرێک پەرەی سەندەوە کە سەراپای ناوچەکەی گرتۆوە و نازانرێت ئایندەی خەڵک لەو ناوچەیەدا بەهۆی حکومەت و هێزە کۆنەپەرست و فاشیست و دژی ئینسانیانەی سەرمایەداری بەرەو کوێ دەڕوات، لەکاتێکدا کێشەکانی نێوانیان و جەنگ و کاولکاریان هێندەی دڵۆپە ئاوێک پەیوەندی بەباش بژێوی و ژیانی خەڵکەوە نیە!

هەربۆیە ڕیزی ملیۆنی ئازادیخوازی و مرۆڤدۆستی و یەکێتیە کرێکاری و کۆمۆنیست و چەپەکان لەدنیادا ڕژانە شەقامەکانی زۆرێک لەشارەکانی ئەمریکا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا، و زۆر شاری بەریتانیا، سوید، نەرویج، بە بەرزکردنەوەی

دروشمەکانی راوەستانی دەستبەجێی جەنگ دژی ئێران، نا بۆ رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، کۆماری ئیسلامی دەبێت بە هێزی خەڵک بڕوخێت، نا بۆ بۆمبارانی ئێران، نا بۆ جەنگی ترەمپ و دروشمەکانی دژی ترەمپ، کیەر ستارمەرو ناتانیاهۆ بەرزکرابوونەوە.

ڕێکخستنەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لە چەند وولات بەشداری ناڕەزایەتیەکانی کرد بە دروشمەکانی: راوەستانی دەستبەجێی جەنگی بۆسەر خەڵکی ئێران، خەباتی خەڵکی ئێران بۆ ئازادی و یەکسانی زەوت مەکەن! شەڕ وەڵام نییە — ئاشتی بۆ خەڵک! بەشداری کرد، هەروەها بەیاننامەی هاوبەشی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وحزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەبارەت بە جەنگەکە بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکرایەوە.

لە زۆرێک لە وڵاتەکاندا ڕێپێوانەکان لای پەرلەمان و ناوەندەکانی شارەکانەوە بەرەو سەفارەتی ئەمریکا بەڕێدەکەوتن و لەوێدا دروشمی دژی جەنگخوازی ئەمریکاو ترەمپ دەوترانەوە.




# بەم کارەتان، تەوژمی ئازادی و یەکسانی ڕاناگیرێت!

## بەیاننامە دەربارەی تیرۆرکردنی هەڵسوڕاوی ژنان و سۆسیالیست (یەنار محەمەد)

بەپێی ڕاگەیاندنێکی کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی ئەڵتەرناتیڤی کۆمۆنیستی، ئەمڕۆ دەستی غەدری ترسنۆکانەی تیرۆریستان، گەیشتە گیانی هاوڕێ یەنار محەمەد، بەرپرسی ڕێکخراوی ئازادی ژنان و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی ئەڵتەرناتیڤی کۆمۆنیستی و کوژرا. تیرۆرکردنی هاوڕێ یەنار گورزێکی توندە لە بزووتنەوەی ژنان و تەواوی بزووتنەوەی داکۆکیکار لە ئازادی و یەکسانی، خەسارەتێکی گەورەیە لە خەباتی پێشڕەوانەی ئەم بزووتنەوەیە.

ڕۆڵ و تێکۆشانی یەنار محەمەد بۆ یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان، هەم لەنێو کۆمەڵگەی عێراقی و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا دیار و بەرچاوە. جێ پەنجەی ئەو لە بزووتنەوەی ژنان لە عێراقدا و لە ماوەی دەیان ساڵدا دیارە و مایەی تەقدیری هەموو هێز و لایەنێکی ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز و یەکسانیخوازە. تیرۆرکردنی بۆشاییەکی بەرچاوی خستە بزووتنەوەی ژنان و خەبات بۆ یەکسانییەوە. ڕۆڵی ماندونەناسانە و کاریگەرییە قووڵەکانی وایکردبوو هەموو هێزە کۆنەپەرست و ژنکوژ و دژە پێشکەوتنخوازییەکان پێشبڕکێی پیلانگێڕییان بێت لەدژی و هەوڵی بێدەنگکردن و چۆکدادانی بدەن، بەڵام بێ سوود بوو.

ئەنجامدەرانی ئەم کردەوە تیرۆرستیە، وا بیردەکەنەوە کە بە ئەنجامدانی ئەم کارە ڕەشەیان دەتوانن خەبات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەک لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی و ڕێزگرتن لە شکۆ و کەرامەتی ئینسانیی ژن رابگرن. بەڵام ڕێگای ڕزگاریخوازی و یەکسانی ژنان زۆر لەوە بەهێزترە کە ئەم جۆرە کردەوە قێزەون و دڕندانەیە بتوانێت بەرییبگرێت.

تاکە ڕێزگرتن لە یەنار محەمەد بەردەوام بوونە لە خەبات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەک کە بەهرەمەند بێت لە یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان، بەهەرمەند بێت لە ئازادی، کۆمەڵگەیەکی مرۆڤدۆستانە و سۆسیالیستی.

ئێمە لە کاتێکدا سەرەخۆشی بێپایانی خۆمان ئاراستەی خانەوادەکەی و ئازیزان و سەرجەم هاوڕێیانی لە ڕێکخراوی ئازادی ژنان و ڕێکخراوی ئەڵتەرناتیڤی کۆمۆنیستی دەکەین بۆ ئەم کۆستە گەورەیە، ئەم کارە تاوانکارییە مەحکوم دەکەین و حکومەت بە بەرپرسیار دەزانین کە بە خێرایی تاوانباران و ئەوانەی لە پشتیانەوەن و پاڵنەرەکانیان ئاشکرا بکرێن و بە زووترین کات ڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوە.




**بژی یادی هاوڕێ یەنار محمد!**

**بژی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان!**

**بژی ئازادی و یەکسانی!**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٢ی ئازاری ٢٠٢٦**

# چالاکیەکانی تایبەت بە ٨ ی مارس






٨ی مارسی ئەمساڵ لەکاتێکدا دەکرێتەوە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەرگیری ئەوپەڕی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان دەبێتەوە. سیستەمی ئەمڕۆی سەرمایەداری پایەکانی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان لە سەرکوت، بێمافی، بازرگانیکردن، کرێی کەم، تیرۆرو تۆقاندن توندکردۆتەوەو بەڵام لەبەرامبەردا بزوتنەوەی یەکسانیخوازو ئازادیخوازانەی کۆمەڵگە لەگەڵ ئەو مەحدودیەت و سەرکوتە جۆراوجۆرانەو ترس و تۆقاندن و تیرۆرەدا بەردەوام لە نارەزایەتی و خەباتدایە بۆ مافەکانی ژنان و رزگاربوون لەو کۆت و بەندانەی کە یەخەی گرتووە.

٨ی مارسی ئەمساڵ نموونەیەکی ئەو ریزە ملیۆنیەبوو لەسەراسەری دنیا وەک رۆژی هاتنەمەیدانی ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازو ئازادیخواز بۆ بەرگری لەمافەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی و ئینسانی، هەر لەشەقام و هۆڵەکانی ئەمریکا، ئەوروپا، تا ئاسیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نارەزایەتی بوو بەدژی بێمافیەکانی ژنان لەدنیای سەرمایەداری ئەمڕۆدا.

بەر لە رۆژی ٨ی مارس، ژمارەیەک کادری حزب لەرێگای سۆشیال میدیاوە چەندین ڤیدیۆیان بڵاوکردەوە سەبارەت بە ٨ی مارس و خەباتی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز لەپێناو ئازادی و یەکسانی هەمەلایەنی ژن و پیاو... هەروەها رێکخستنەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات لە ئاستێکی بەرفراواندا لەسەرجەم چالاکیەکانی تایبەت بە ٨ی مارسدا بەشداریان کردو لە چەندین وڵاتیش مەراسیمی ٨ی مارسیان بەڕێوەبرد. دروشمەکانی ئەمساڵی حزب بەتایبەتی لەدەرەوەی وولات بریتی بوون لە: ( دژی چەوسانەوەی ژنان، سۆشیالیزم کۆتا چارەیە) ،( بابپێکەوە هاوسەگیری منالان و یاسای جەعفەری لە عێراق هەڵبوەشێنینەوە)، (پشتیوانی لە بەرەنگاربوونەوەی ژنان دژ بە کوشتن و توندوتیژیی ناموسی بکەن)،(رزگاربوونی ژنان لەرزگاری چینی کرێکارەوەیە وتاد..).هەروەها کادرانی حزب لەو بۆنەو چالاکیانەدا چەندین وتاریان پێشکەش کردو بەیاننامەی حزب بە زمانی ئینگلیزی لە خۆپیشاندان و رێپیوانەکاندا بڵاوکرایەوە. گۆشەیەک لەقسەوباسی هاورێیان بریتی بوو لە رێزگرتن لە خەبات و ژیانی هاورێ یەنار محمد سەرۆکی رێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق کە چەند رۆژ بەر لە ٨ی مارس لەلایەن تیرۆریستانی ئیسلامیەوە تیرۆرکرا. لەو وڵاتانەی کە هاورێیانی حزب بەشداری چالاکیەکانی ٨ی مارسیان کردو یاخود مەراسیمیان بەرێخست یان بەشداریان کرد لەو مەراسیمانەی کە بەوبۆنەیەوە بەرێخرابوون لەلایەن رێکخراوی سەربەخۆی ژنان و کۆمیتەی ٨ی مارس لە بەریتانیا، کەنەدا، سوید، دانمارک، فنلاند، ئوستralia، نەرویج و ئەڵمانیا بوون.

هەروەها لە سلێمانی- کوردستان، بەبۆنەی ٨ ی مارسەوە رێپێوانێک لەلایەن تۆری هەشتی مارسەوە ئەنجام درا لە بەردەرکی سەرای سلێمانیەوە، بە ئامادەبوونی ژنانی چالاکوان و ئازادیخوازا. لە سەرەتای چالاکییەکەدا، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا بەیاننامەی تۆری هەشتی مارس خوێندرایەوە. دواتر بە وتنەوەی درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بە رێپێوان بەرێکەوتن بۆ باخی گشتی. پاش گەیشتنی رێپێوانەکە بۆ بەردەم باخی گشتیی، شانۆیەکی سەرشەقام پێشکەش کرا کە تێیدا بە شێوازێکی هونەری باس لە دیاردەی ژنکوشتن و ئەو مەترسیانە دەکرا کە رووبەرووی ژنان دەبنەوە لەناو کۆمەڵگەدا. دواتر بەیاننامەی پشتیوانی بۆ ژنانی کرێکار خوێنرایەوە. هەر لەو کۆبونەوە جەماوەریەدا سەرکۆنی تیرۆرکردنی یەنار محمد کراو پێداگری لەسەر بەردەوام بوون لەسەر رێبازەکەی بۆ خەبات لەپێناو ئازادی و یەکسانی ژنانا کرایەوە.

# هاوسۆزی لەگەڵ کام لایەن؟ ئێران یان ئەمریکا؟

## مەنسوری حیکمەت

سەرنج: ئەم وتارە کورتەی هاوڕێ مەنسوری حیکمەت نزیکەی ٣٣ ساڵ لەمەوبەر نوسراوە. ئێستا کە شەڕی ڕاستەقینەی ئەمریکاو ڕۆژاوا بەکردەوە ڕوویداوە، جێی خۆیەتی پێشنبینیەکان و مێسۆدی لێکدانەوەکانی بیربهێنینەوە. ئەم وتارە بەهەندێ گۆڕانکاری کاتەوە، کە ٣٣ ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر نوسینیدا، بەڵام دەڵێی ئێستا نوسراوە.



ئەگەری ئەوەی کە لەلایەن ئەمریکا فشارێکی ئابووری توند یان کردەوەیەکی سەربازی لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران بەکاربهێنرێت، جارێکی تر سەرقاڵیەکان، هەست و دەربرینە کۆنەکانی لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازییدا زیندوو کردووەتەوە. بۆ هەندێک، ئەمە وەک حوکمی ڕووخانی نزیکی ڕژیم دادەنرێت. پرسیاری کۆنی »هاوسۆزی لەگەڵ کام لایەن؟ «جارێکی تر لە ناو ڕارەوەکانی ڕێکخراوە چەپە کۆن و دیموکراسیخوازەکانی ئەمڕۆدا دەنگ دەداتەوە.

بەبێ گوێدان بە جیاوازییەکانیان لە تێگەیشتن و هەڵبژاردنی ئەو »هاوسۆزی«یانەی لەم شانسگرتنەوە نوێیەدا، چەند گریمانەیەکی لەپێشی هاوبەش مێشکی زۆربەی ئەوانی پێکهێناوە. ئەگەر بێتو ڕاستییەک ڕوون بکرێتەوە، دەبێت ئەم گریمانە لەپێشانە بشکێندرێن. پێچەوانەی ئەوەی کە زۆربەی ئەم ڕەوتانە پێیانوایە:

ئەمریکا و ڕۆژئاوا مەبەستیان ڕووخاندنی ڕژیم نییە. بێگومان پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و تاوانەکانی ڕژیم لە دژی خەڵک، نیگەرانی سەرەکیی ئەمریکا نییە. بەڵام کێشەکە تەنها تروریزمی ڕژیمی ئیسلامی یان مەترسی دەستگەیشتنیشی بە چەکی ئەتۆمی نییە. کۆماری ئیسلامی و ئەهریمەنی »ئوسولگەرایی ئیسلامی «بە هۆکارێکی تەواو قابیلی تێگەیشتن، لە ئێستادا بوونەتە کاندیدی داهاتووی پێگەی »ئیمپراتۆری شەڕ «و دژە شارستانیەتی ڕۆژئاوا کە دوای ڕووخانی یەکێتیەوە سۆڤیەت بە بەتاڵی مابووەوە.

سەقامگیری سیاسی و دوورکەوتنەوە لە پێکدادانی سەربازی لەناو ڕۆژئاوا و جیهانی پیشەسازیدا، سەرەڕای شەڕی بازرگانیی فراوان و هەروەها هەبوونی دەرفەتێک بۆ ڕابەریی ئەمریکا وەک زلهێزی سەربازیی گەورەی جیهان، پێویستی بەجۆرە دوژمنێکی ستراتیژی لەمجۆرە هەیە. ئەوەی ئەمڕۆ لە پلانی ڕۆژئاوادایە، نیشاندانی کۆماری ئیسلامیە لەم ڕۆڵە نوێیەدا، نەک ڕووخاندنی. هەمان ئەو دەستانەی کە دەبێت دژی کۆماری ئیسلامی بجەنگن، دەستیان داوەتە ژێربالی بۆئەوەی نەکەوێت!

فشارەکانی ڕۆژئاوا، بە تایبەتی ئەگەر بگاتە ئاستی سەربازی، بەراستی تەمەنی ڕژیم درێژتر دەکات. ئەم جۆرە زەربەیە لە پلەی یەکەمدا دەستی ڕژیم بۆ سەرکوت و تۆقاندنی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناڕازی ئاوەڵا دەکات و لە مەیدانی دەخالەتی سیاسی دووریان دەخاتەوە. دەستەی فەرمانڕەوا لە دەوری پلاتفۆرمێکی زۆر ڕاستگەرا و فاشیستی یەکدەخات.

هێرشی سەربازی لە دژی کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخێکدا کە قەیرانی ئابووری و لەرزۆکیی سیاسیی ڕژیم وایکردووە کە ئاسۆی کردەوەی بەرهەمداری جەماوەری نزیکتر کردۆتەوە، دەبێتە »نیعمەتێکی ئاسمانی «بۆ ئەم ڕژیمە ئیسلامییە نەفرەتلێکراوە.

ئێمە هاوکات بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامی و دژی دامەزراندنی سیستەمێکی کۆنەپەرستی نوێی جیهانی تێدەکۆشین. بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری تەنها یەک »هاوسۆزی «هەیە، ئەویش هاوسۆزیە لەگەڵ بەرژەوەندی شۆڕشی کرێکاران و پرسی ئازادیە.

مەنسور حکمت

بۆ یەکەم جار لە مانگی ئابی١٩٩٣دا لە ژمارەی ٧ی گۆڤاری ئینتەرناسیۆنال دا بڵاوکرایەوە.

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com